کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا28-4-2007 1:57

هانۆڤەر 07. 0425.

## لە خاچدانی "دوعا" (١) ... !! خالید شەیدا



دوعا لە خاچ درا ئاسمان فرمێسکی ڕژا
سەر خاك،
خاك تووڕە بوو
هاواری چوو بۆ عەرشی خودا.
کاتێ بەرد باران کرا
دڵەکان هەمووی بوونە بەرد
ویژدانەکان چاویان قوچاند و
نوقەیان لە دەم دەرنەهات.
کەسیش دەنگی خۆێ هەڵنەبڕی
کەسیش نەیووت بۆ وا دەکەن
ئەوەی دەیکەن...
گەورەترین تاوانە
دژی یاسا و ڕێسایە
کارەساتێکی دڵ هەژێنە
ئێوە دەیکەن...
دوعا کچێکی ئەڤیندار بوو
بە هیوا بوو ببێتە بووك
تارایەکەی زەرد و سور و سەوز و شین بێ
کەچی بە بێ تارا
خستییانە ناو کەژاوەی
مەرگی خوێن...
ڕووحیان لە جەستە دەرهێنا
بوو بە هێمای خۆشەویستی
وەکو خەج و سیامەند (٢) و کەریم و ستی (٣)
چووە ڕیزی ئەڤینداران...
بوو بە پەپوولەیەکی بێگەرد و جوان
ناسرا لە سەرانسەری کوردستان
فڕی بۆ ناو باغی عاشقان
ڕووحی چووە ئاسمان و
بوو بە پەری ...

١-کچێکی ناسك و جوانی کوردی یەزیدی بوو تەنیا تەمەنی حەڤدەساڵی بەهاری تێپەر نەکرد بوو ئەڤیندار بوو، خزم و کەس و کاری بە شێوەیەکی دڕندانە بەرد بارانیان کرد و گیانی لە دەست دا.
٢-داستانێکی دڵداریە، ئەو جووتە عاشقە بوون کە نەگیشتنە یەکتر و مەرگ گیانی لێسەندن.
٣- داستانێك دڵداریە لە ناوچەی دەشتی هەولێرە ڕوویداوە بە دەستی ئاغایەکی زۆردار خوێنیان ڕژا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.